# هارۆڵد پینتەر خەڵاتی نۆبلی وەرگرت



هارۆڵد پینتەر کە چەندین ساڵە خەبات بۆ مافی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهاندا دەکا، ئەمساڵ خەڵاتی نۆبلی وەرگرت . ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ نووسەری ئەمریکایی Arthur Miller سەفەری بۆ تورکیا کرد، چاوی خستە سەر پرسی کورد. مەبەست لە سەفەرەکە ئەوە بوو کە لەلایەن P.E.N نێونەتەویی توێژینەوە لەسەر ئەشکەنجەی دەوڵەتی تورکیا لە ئاست نووسەرانی وڵاتدا بکا.

پینتەر لە باری ئەدەبییەوە زیاتر بە شانۆنامەکانییەوە بەناوبانگە؛ ئەو شانۆنامانەی کە تێیاندا زۆرجاران بێدەنگی لە وشە بەرزتر دەگرمێنی. لەوانەیە زیاتر لە هەموویان شانۆنامەکانی، The Birthday Party، The Caretaker و The Homecoming لە زۆر لە تیاتری جیهاندا هاتوونەتە سەر شانۆ. بەڵام بێگومان لە هەموویان گرینگتر بۆ کوردان ئەو شانۆنامە کورتەی Mountain Language ـە. بابەتەکە زەبروزەنگی سیاسی بە دیالۆگ لەنێوان زۆردار و زەبوون لە وڵاتێکی ساختەچیدا نیشاندەدا کە لەوێ ئیزن یان باشترە بڵێن بەرگری ئاخافتن بە زمانی خودی لە تیشکۆیەکی ئاشکرادایە.

## ئۆتۆمۆبیلەکەی هاری پۆتەر دزرا

پۆلیسی لەندەن رایگەیاند کە ئەو ئۆتۆمبیلە لە فیلمی هاری پوتەر دەفرێ و لە جۆری فۆرد ئەنجلیای رەنگ شینە لە ستۆدیۆکانی سینەمایی دزراوە ، هەر لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی پۆلیس رایگەیاند کە ئۆتۆمبیلەکە لە ستۆدیۆکانی ساوس ویلز لە شاری کۆرنۆل دزراوە و هەموو خەڵك دەیناسنەوە و هیچ کەسێك ناتونێت بێ یارمەتی لێی بخورێت سەرچاوەکە هۆکاری دزینەکەی بۆ بی گرنگیدان و باش هەڵنەگرتنی ئۆتۆمبیلەکە گەڕاندەوە.

# نۆژەن لە کتێبخانەکاندایە




بەناونیشانی ((نۆژەن)) ، ڕێکار ئەحمەد رۆمانێکی بلاۆکردەوە. راستی رۆمانەکە وەك گوتارێك هیچ جیاوازی نیە لە ژینگەی پێشمەرگایەتی نووسەر کە توانیویەتی وێنەی زیندوە ناو چرکە ساتەکانی پێشمەرگایەتی بگوێزێتەوە گەرچی ئەو رۆمانە لەکاتی خۆی بلاۆ ببوایەتەوە بە ئاسانی دەچووە یادەوەری خەڵکەوە و دەبووە وێردی سەر زمان، بەڵام ئێستاش کە خوێنەری جدی دوور لە هەناسەکانی سیاسەت دەتوانێت چێژی رۆمان خوێندنەوە لەم رۆمانە ببینێتەوە، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك ، یەکەمیان رۆمان نووس بە دەستەلاتێکی ئەدەبی بەر فراوانەوە هەرچی روداوەکانی شۆڕش هەیە لە شاخ و هەرچی چرکە ساتەکانی رۆژانەی پێشمەرگایەتی هەیە لە سیاسەتی تەجرید کردووە و لەناو فەزایەکی ئەدەبیدا نغرۆیکردووە، دووەمیش : نوسەر زۆر بەجدی لەسەر تەکنیکی رۆماننوسین کاری کردووە و روداوەکانی بە باکگراوندو فلاش باك دەوڵەمەند کردووە و خوێنەر وا بەستەی خوێندنەوەی بەردەوام دەکات . تەکنیکی ئەم رۆمانە لەسەر راستە هێڵێك ناڕوات بەڵکو بازنەلە ناو بازنەدایە ، گەرچی ئەم تەکنیکە زۆر دووبارە دەبێتەوە و پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە، بەڵام هەرگیز بارگرانی خوێندنەوە دروست ناکات ، چونکە نوسەر زۆر بە وریایی بەردەوام سەرە داوەکان لای خوێنەر دەهێنێتەوە قسە کردن، لەسەرتەکنیك بێ قسەکردن لە سەر شێوازی زمان تەواو نابێت ، نوسەر کە لەزۆری زاراوەکان شارەزایە بەئاسانی یاری لەناو دیالۆگ دەکات و دەتوانێت هەرجارەی وەك پێویست زمانی قسەکردن بگۆڕێت . ئێمە لە (نۆژەن) دا رۆمانێکی سیاسی ناخوێنینەوە ، هەروەها رۆمانێکی مێژوییش ناخوێنینەوە ،بەڵکو لە پەراوێزی ئەو بوارانەدا وەك راستیەکی کۆمەڵایەتی خۆی ئاراستە دەکات ، راستی ژیانی کوردەواری لەراستی ژیانی سیاسی جودا ناکرێتەوە ، تاکی کوردیش بەردەوام لە بونیادێکی بەرفراوانتر لە خەونی خۆی ون دەبێت و پەیوەندی بەخەونی گشتی و گوشاری گشتی کۆمەڵگاوە دەکات ، لە و رۆمانەدا بە ئاسانی لەناو خەونی تاکدا خەونی گشتی دەدۆزینەوە ، جوانیەکیتری رۆمانەکە باسی سیاسەتی وەك دروشم و دروشم بازی و سۆپەرمانانە دەرنەبڕیوە ، بەڵکو لەهیوای تاکەکەسیەکان و ئەندێشەی کەسەکان و خوێندنەوەی تاکەوە دەچێت بۆ بەر جەستەکردنی واقعی گشتی .. ئەمەش لەبەر ئەوەی خۆی پێشمەرگەیەك بووەو ئاگاداری وردو درشتی رووداوەکانی بووە.




## ئاشقانی دەنگت داوای بەرهەمی نوێت دەکەن

## خالۆ ئەواکس دەڵێ



* بەرپرسێك گوتویەتی : دیموکراسی لای ئێمە ئەوەیە کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانمان بکەن ،ئەوەی سەرپێچی بکات ،بە دیموکراسی خۆمانە دەریدەکەین یان بۆ شوێنێکی دوور دەیگوازینەوە .

* لە رۆژی راپرسی لە سەر پێشنووسی دەستوور، بەردەم بنکەکانی دەنگدان چۆڵ بوون ، تاك و تەرا هاوڵاتیان بۆ دەنگدان دەچوون ،بەڵام لە ڕاگەیاندنی ئاکامی دەنگدانا دەرکەوت کە یەك ملیۆن ونۆسەدد و چل وسێ هەزار و چوار سەد و نەوەدو یەك کەس ! دەنگیان داوە .

* ئەندامێکی حزب ویژدانی خۆی ئاسوودە کردو لە رۆژی دەنگدانا بیست و یەك جا ر بە بەڵێ دەنگی دا .

* بەڕێوبەری ناحیەیەك وەك فەرمانبەر لە بنکەیەکی دەنگدانا ناونووسی کرابوون بەڵام نازانم دوو گەڵاکەی وەرگرت یان نا ؟!

* دەڵێن : ئەندامێکی لێژنەی چاوپێداخشاندنەوە بەپرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ، گوتوویەتی:– ئەگەر پرۆژەکە دەستکا ری دەکەین وەی ، ئەگەر نایکەین دوو جا ر وەی .منیش دەڵێم :– چۆن وەی ، لەوەی دەربکەین .!!

جەبار سابیر

# بۆچی عێراق یەك پارچە بێت؟

مەسەلەی یەك پارچەیی عێراقو لەتنەبوونی خاکەکەی دروشمێکی سواوی ئومەی عەرەبیو شۆڤێنییە عەرەبییەکانەو وەك ڤایرۆس کەوتۆتە گیانی هەموو تاکێکی عەرەبییەوە، زۆرجار دەبەنگترینو زەلیلترین تاکی عەرەبی بەتوندی باس لەو یەك پارچەییە دەکات، ئیتر ئەمە سوننە بێت یان شیعە جیاوازی نییەو عەرەب هەر عەرەبە، کاتی خۆی (عەلی ئاغا)ی قەلادزەیی لەبەغداد ئینزیباتێك شەقی تێهەڵدابوو، کەچی لەقەلادزە ئەم شەقی لەئینزیباتێکی تر هەڵدابوو خەڵك وتبویان (عەلی ئاغا) ئەدی لۆ وادەکەی؟ ئاغا وتبووی لەبەغدایە کڵاو سورێك شەپی تێهەڵداوم، ئەوان وتبوویان ئێ (ئاغا) گیان ئەوە لەبەغدابووە تۆڵێرەی ئەمیش وتبووی کاکی خۆم ئینزیبات هەر ئینزیباتە.. منیش دەڵێم عەرەب هەر عەرەبە.

سعوود لەکاتی داگیرکردنی کوەیتدا بەدەستی سەدام زراوی لەدڕندەیی سەدام چووبوو کەچی پەیتا پەیتا دەڵێ دەبێت عێراق یەکپارچە بێت، ئاخر ئەوان نازانن کەتەواوی مەترسیەکانی بەدڕندە بوونی سوپای عێراقی مەسەلەی یەکپارچەیی خاکەکەیەتی. (عەمرو موساو ئەحمەد ماهیر)ی میسری نەك هەر دژی مەسەلەی کوردن بەڵکو بەزمانی کوردیش پەست دەبن، ئاخر ئەو دەمەی تاڵەبانی لەکۆشکی سپیو نەتەوە یەکگرتووەکان بەکوردی دوا (ماهیر) وتی ئەو پیاوە بەزمانێکی نارەسمی ئەدوێ بۆ رێگەی دەدەن. ئەمە تائێرە تەواوە ئەوان عەرەبنو شۆڤێنیشن بەڵام کاتێك ئەم دروشمانە دەبنە وێردی سەر زمانی سەرکردەکانی کورد ئەو کات مەسەلەکان شایانی لەسەر وەستانی زیاترن و دەکرێ سەرکردەکانمان بێنینەوە هۆش، ئێوە لەبری ئەوەی عێراق بکەنە هەزار پارچەی لەیەك نەچوو کەچی دەتانەوێ ببنە ئەندازیاری یەکپارچەییو پێکەوە نانەوەی عێراقێك کە(بسمارك)ی ئەڵمانیش ناتوانێ لێکیبداتەوە، ئێوە کەلەشاخ لەسەر مەسەلەی عێراق چێتی خوێنی یەکترتان دەخوارد ئێستا بۆچی دەتانەوێ خۆتان ببنەوە عێراق چییەکی عەیار بیستو چوار؟

دەمەوێ بپرسم عێراق بۆچی یەك پارچە بێت؟ ئایا یەك پارچەیی عێراق کەبۆ ئەوی عەرەب خێرو بەرەکەتە چ سوودێکی بۆمن هەیە لەکارەسات زیاتر؟ ئایا پیرۆزی یەکپارچەیی وڵاتێك لەکوێدایە کەبەدرێژایی هەشتاو سێ ساڵ زیاتر لەشەشە ملیۆن ئینسانی راپێچی مەرگکردبێت؟ پیرۆزی یەکپارچەیی ئەم عێراقە تەنیا لای کەسانێك مانای هەیەو ماوە کەبەنیازی دروستکردنی گۆڕی بەکۆمەڵو بوونە دیکتاتۆرن. هەتا عێراق یەکپارچە بێت نەکورد پشوو دەدات نەشیعەو سوننە، گرفتی من نییە ئەوان پشوودەدەن، یەکتر دەخۆن، بەڵکو من تەنیا خەمی خۆم دەخۆمو بەس ئیتر خوایدەکرد (هۆلاکۆ) دەهاتو جارێکی تریش ئاوی دیجلەی بەخوێنی خەڵکی بەغداد سووردەکرد.


ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com